kurdistannet.org 25-6-2003

سەر گوتاری ڕۆژنامەی ڕزگاری
ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان کە لە باشووری کوردستان دەردەچێت.

# دروشمی "یەکێتی عێراق"
# ٨٠ ساڵە باڵۆنێک بووە بۆ ترساندن و
# سیاسەتێک بووە بۆ تەوهین و ئیبادەکردنی گەلی کوردستان و
# جنوبنشینەکانی عێراق

دروشمی "یەکێتی بێ قەیدو شەرتی عێراق" دروشمێکە بۆ ئینکارکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان و بۆ چەوساندنەوەی جنوبنشینەکانی عێراق داهێنراوە.
ئەو گروپ و فکرانەی هەشتا ساڵە لە پشتی ئەم دروشمەوە خۆیان مەڵاس داوە بریتین لە:
یەکەم: فکری قەومی عەرەبیی سووننە مەزهەبی حوکمڕان لە عێراقدا.
دووەم: دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان.
سێیەم: عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی تری عەرەب، کە نایانەوێت لە عێراقدا قورسایی شیعە دەرکەوێت و ڕۆڵی سیاسی هەبێت.

خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە عێراقدا کەس باسی جیابوونەوە ناکات، کەچی هەشتا ساڵە ئەم دروشمە کراوە بە شمشێرو ملی کوردو جنوبنشینەکانی عیراقی پێ دەپەڕێنن.

* * *

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا دەورانێکی نوێ سەریهەڵداوە. "نوێ" بەو مانایەی کە عەقڵی نوێ و خوێندنەوەی نوێ و بەرنامەی نوێی دەوێ و ململانێکانیش بە ئامرازو شێوازی نوێ بەرێوە دەچن.

بۆ نموونە فکری سەربەخۆخوازیی و دەوڵەتخوازیی لە کوردستاندا، ئەگەر خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی بۆ گۆڕانکارییەکان هەبێ و پێشبینی ئایندە بکات و لە دەزگای سیاسی تۆکمەدا خۆی خڕکاتەوەو سەکۆی دەربڕین و ماسمیدیای هەبێ، چیتر نە دەزگا دەستڕۆیشتووە سوونەتییەکانی کوردستان دەتوانن ئەم فکرە بچووک بکەنەوە، نە دەوڵەتی ئایندەی عێراق دەتوانێت وەک عێراقە کۆنەکە ئەم فکرو ڕێبازە سەرکوت یان قەدەغە بکات.
ئەوانەی کە ئایندەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی دەستووریان بۆ عێراق دەوێت. دەبێ واز لە وتنەوەی دروشمی دزێوی "یەکێتی عێراق" بێنن، چونکە ئەو نیازانەی لە پشت ئەم دروشمەوەن ، هەموو چەشنە دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیەت و سیستەمێکی شارستانی بەتاڵ دەکەنەوەو، سووکایەتی بە بەهاکانی مرۆڤ دەکەن.
لە ٩ ی نیساندا تەنیا پەیکەرەکەی سەدام حسێن نەڕووخا ، بەڵکو ئەو درۆ گەورانەش ئاشکرابوون کە هەشتا ساڵە باسی یەک گەل و یەک نیشتمان دەکات. ٩ ی نیسان تەنیا

سەرەتای ڕادانی فکرو ڕژێمی بەعس نەبوو، بەڵکو هەرەسی ئەزموونی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و تایفەگەری عێراق بوو.
ئەو هێزو سەمتانەی خۆیان وەک دیموکراتخوازو لیبرالیست و دەستوورخواز دەخەنە ڕوو، دەبێ دان بە ڕەگەزپەرستی و تایفەگەریی ئەم دەوڵەتەدا بنێن. لەوەش بگەن کە فکری بەعس و شێوە حوکمڕانییەکەی فکرێکی بێ ئەسڵ و فەسڵ نەبوو، بەڵکو بەرهەمێکی سروشتیی دەوڵەتی عێراق و ئەو کولتوورەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حاکمە.
ئەوانەی دەیانەوێ عێراق بمێنێتەوەو عێراقێکی نوێ سەرهەڵبدات،پێویستە بڕوا بەوە بێنن کە عێراقێکی نوێ دەبێ لەسەر بنەمایەکی نوێ بنیاتبنرێتەوە، بە چەشنێک کە لە باری سیاسییەوە لە عێراقە کۆنەکە خۆی دا ببڕێت. عێراقێک بێت لە باری یاسایی و ئەخلاقی ی و سیاسییەوە، لەیاقەتی ئەوەی هەبێ عێراقە ئەنفالچی و جنوبکوژەکان دادگایی بکات. بۆ ئەمەش دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە سنووری ئێستای دەوڵەتی عێراق لە دوو نیشتمان پێکدێت:

١- هەرێمی کوردستان
٢- هەرێمی عەرەبی عێراق.

هەرێمە عەرەبییەکەش لە دوو ناوچەی شیعەنشین و سوونە نشین پێکدێت.
لەهەردوو هەرێمەکەشدا چەندان کەمایەتی نەتەوەیی وەک "تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن" هەن، هەروا چەندان ئایین و ئایینزا دەبینرێن وەک" ئیزدی و مەسیحی و مەندائی و جوولەکە ...".

داننان بەم ڕاستیانەدا سەرەتایە بۆ دابڕان لە عێراقە کۆنەکە و یەکەم هەنگاوە بەرەو سەرەتاکانی ئایندەیەکی دیموکراتی و دەستووریی و کۆمەڵگەی مەدەنی.

سەرنجی کۆمەڵگە دیموکرات و وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بدەن. لە هیچکامیاندا ڕاستییە موزایکییەکان ناشارنەوە، بەڵکو هەمووی بە ئامار لە سیستەمی خوێندندا یان ڕۆژانە لە ماسمیدیاکانیاندا باس دەکرێن. کەس لەوە ناترسێت باسی کاتۆلیک یان پرۆتستانت  یان جوولەکەو ئیسلام  ... بکات. بۆ نموونە  لە ئیسپانیادا کەس لەوە ناترسێت هەرێمی "باسک" داوای ڕیفراندۆم و جیابوونەوە بکات و کەسیش بە "شعوبی و ئینفسالی" ناوەزەدی ناکات.
دەزانن بۆچی؟  چونکە ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتانی دەستووریی و دیموکراتن.
ئەی بۆچی بڕیار وانییە عێراقی نوێیش بەو ڕێگایەدا بڕوات کە ئەو دەوڵەتانە پیایدا ڕۆیشتوون. ئەی بۆ دەبێ باسکردنی ڕاستییەکان لە عێراقدا بشاردرێنەوە؟

عێراقی ئایندە کاتێک دەتوانێت بەرەو دیموکراتی بڕوات کە دان بە مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستاندا بنێت و کۆتایی بە مۆرکی مەزهەبی و سوونەگەرێتی دەوڵەت بێنێت.
ئەمڕۆ  دەزگا سیاسییە دەسترۆیشتووەکانی باشووری کوردستان داوای ئەوە دەکەن عێراق ببێتە دەوڵەتێکی ئیتحادیی "کوردی و عەرەبی" و کوردستان ببێ بە یەکەیەکی فیدراڵیی سیاسی، کە بۆ ئەم قۆناغە ئێمەش دیفاعی لێدەکەین. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە گەلی کوردستان بۆی نەبێت لە ئایندەی نزیک یان دووردا داوای جیابوونەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ بکات. ئەوانەی وا

بیر دەکەنەوە هەڵەن و لە گەمەی دیموکراسی و لە "بۆکسێنی" دەستووریی تێنەگەیشتوون. یان لەوە نەگەیشتوون کە لە ٩ ی نیساندا تەنیا ڕژێمی بەعس گۆڕبەگۆڕ نەکرا بەڵکو دەوڵەتی کۆنی عێراقیش "خۆمان خۆش".

بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئایندەی عێراق بە ڕاستی دەوڵەتێکی دەستووریی بێت و دیموکراسیش وەک میکانیزمی حوکم بچەسپێت، دەبێ ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق و کوردستاندا بمێننەوەو بە بەرنامەی خۆمان و بەپێی بەرژەوەندی هاوبەش کاریان لەگەڵدا بکەین.

کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٠٣